کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-11-2007 0:08

# پەروەردەی کفری لە نێوان سیستەمی سویدی وتەکەتول وفیتنەی برایم ستار ... مامۆستا ئاری

لە دوای کۆنگرەی پەروەردەی کە ئەمساڵ لە شاری هەولێر بەسترا وتیایدا بڕیار درا کە سیستەمی پەروەردەی سویدی بکرێتە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی پەروەردە لە کوردستاندا بۆ خۆی جێگای خۆشحاڵی بوو کە میللەتێکی ژێر دەستەی غەدری مێژوو هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت وهەوڵ بدات پێبگات وببێتە خاوەن پەروەردەیەکی ڕێکوپێك وپێشکەوتوو، ئیتر لە دوای کۆنگرەوە ئەو هەنگاوانە کە پێویستە لە پەروەردە پەیڕەو بکرێت کران بە کۆمەڵی ڕێساو یاسایی تایبەتی کە لە گەڵ ئەو سیستەمە، وبە پێی ئەوەی بەرنامەیەکی تازەیە پەروەردەی گرتۆتەوە دەبێت بگونجێت لە گەڵ عەقلییەتی کۆمەڵگا، وئەو گونجاندنەش پێویستی بە بیری نوی وتازەگەرێتی هەیە کە پێویستە پەیڕەو بکرێت. وبوونی کادری پەروەردەی دواکەوتوو کە بیرو باوەڕی سەردەمییانەی نەبێت ولە هەمان کاتدا دەم سپی وسەرپەرشتی هەندی کار بکات و خاوەنی بڕیار بێت وپێشەوایەتی کۆمەڵی مامۆستا بکات کە لە بنچینەدا ئەو بیرو باوەڕەی ئەو هەیەتی لە گەڵ ئەم ڕۆژگارەو ئەم سیستەمە ناگونجێت وئەو عەقڵییەتە کۆنە کە لە خۆسەپاندنی شەخسی ودەرخستنی ئەو تاکە زیاتر هیچ سودێك بە ڕەوتی پەروەردە ناگەیەنێت بگرە لە حەماس ودڵسۆزی مامۆستاش کەم دەکاتەوە کە بۆ خۆی کاریگەری خراپی لە سەر ڕەوشی پەروەردەو وباری دەروونی مامۆستاش دەبێت کە پێویستە هەنگاو بنرێت بۆ نەهێشتنی کاری لەو جۆرە ودوور خستنەوەی ئەو جۆرە کەسانە کە کەسایەتییان ناکامڵەو بەو مەسئولییەتەی کەپێی بەخشراوە بۆ خزمەت کردن لە بەژەوەندی خۆی وکۆمەڵی خەڵکی دیاری کراو بەکاری بهێنێت، وبێباکانە ئەو کارانە بکات وگوی بە هیچ لێپرسینەوەیەك نەدات چونکە لەوە دڵنیایە کەس پێی ناڵی بەری چاوت برۆیە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دۆخی پەروەردەی کفری بەرەو خراپی هەنگاو دەنێت چونکە لە لایەن چەند کەسێکەو قۆستراوەتەوە وکردویانەدا جێگای تایبەتی بۆ تەسفییە کردنی حیساباتی کۆن ونوی لە گەڵ مامۆستایانی ئەو سنوورە وئیدارەی قوتابخانەکان، ولەم ماوەیە کورتەی ڕابردوودا چەندین شەڕ ئاژاوە درووست بووە کە هۆکاری زۆربەی زۆری ئەو هەراو شەڕو شۆڕانە سەرپەرشتیارێکی پەروەردەییە کە تا دوێنی قاچاخچی بوو ولە بەر خاتری عانە شەقی لە پەروەردەو خوێندن هەڵدا وهەمووی کردە قوربانی وئەمڕۆش برایم ستار جەنابی سەرپەرشتیاری پەروەردەییە بۆ نەهێشتنی خوێنەواری ولە گشت قازانێکە کەوچکە بە گژ داروبەردا دەچێتەوە وا دەزانی بە عسیزمەکەی جارانی ماوە وئێستاش هەر قادر ناسیح مەسئوولێتی و سەردەمی حزبی بەعسە وهەر لە سەر ئەم ڕاستییە چەند ڕۆژێك لەمەو پێش وەك فسفس پاڵەوان لە یەکێك لە قوتابخانەکان بە مامۆستایەکی پێری خاوەن 27 ساڵ خزمەت قسەی ناشیرین وسوکایەتی دەکات وئەویش لە پێش هەموو مامۆستاکان هەموو مەلەفی خراپەکاری ڕابردووی لە زەمانی بەعس هەڵدەداتەوە وکێشەکەیان گەورە دەبێتەوە تاوەکو دواتر چەند خێر خوازێك کۆتایی پێدێنن ولە خولێکی تری پەروەردەی بۆ وانەی بیرکاری چەندینبە خۆڕای ولە سەر جوڵەی مامۆستایەك لە نێو پۆلەکەدا کە ئەو وانەی پێیان دەوتەوە دەیان قسەی ناشیرین بەو مامۆستا بەستە زمانە دەڵێتەوە وپاشان دەکاتە باڵیاو وهەر بە پاڵ لە پۆلەکە دەری دەکات ئەم دوو نموونەیە دوو شەڕی نزیکن کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕوویان داوە ئەمە جگە لە چەندین کاری قیزەونی دیکە کە ناکرێت هەمووی لێرە باس بکرێت. بۆیە بە ناوی زۆربەی مامۆستایانی سنووری پەروەردەی کفری داوا دەکەم لە مامۆستا مستەفا کە مرۆڤێکی پاك وپێگەردە برایم ستار لە سەرپەرشتیاری پەروەردەی دەرکەن چونکە دیارە ئەو ئەرکەی بەوتان سپاردووە قورسەو پێی هەڵناگیرێت وبۆ ئەوەی ڕۆژگاری ڕەشی خۆی بسڕێتەوە کە شەقی لە مامۆستایدا وبوو بە قاچاخچی هیچ جیاوازییەکی نییە لە گەڵ ئەو مامۆستایانەی کە لە گەڵ کشانەوەی دەزگاکانی حکومەتی عیراقی ساڵی 1992چوونە باوەشی بەعس

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وئەمیش بە شێوازێکی تر دەری بڕی کاتی بووە قاچاخچی. ئێستا بلە ستار بووە بە مایەی فیتنە لە نێو پەروەردەی کفری کە شەڕی تەکەتوولی تازە کردۆتەوە وئەو قوتابخانە نوێیانە کە کراونەتەوە جەنابی بەڕێوەبەری بۆیان دانابوو چونکە لەو کاتانە مامۆستا برایم عبدلکریم بە تەمابوو خانەنشین بکرێت هەموویان لە سەر حیسابی تەکەتوول داینا‌ون. ئێستا لە سنووری پەروەردەی کفری جەژنی کوتلەی ڕیفۆرمە کە برایم ستار چۆپی کێشێتی، دوور خستنەوە ئەمڕۆ لە سبەینی باشترە سوود بە هەموو لایەك دەگەیەنێت بە تایبەتی دڵسۆزانی ئەم میللەتە چونکە کەسی نا دڵسۆز ناتوانێت خزمەت بە منداڵی شەهیدوپاشماوەی ئەنفالکراوەکانی گەرمیان بکات، بلە ستار دەیەوێت بەو کردارە خراپانەی خوێنی خۆی لای مەڵبەندی کفری شیرین بکات کە ئەوان لە هەموو کەس ولایەنێك باشتر دەیناسن کە چەند ئینتیهازییە وبەروپشتی بۆ نییەوئەم تەکەتوولەش کە بلە ستار لە نێو سلکی پەروەردە هێنایەتییە کۆڕی بۆ حەسەن وحوسێنی نییە بۆ هەلیسەکەیەتی وئەو هەلیسەیەش نابێت لە قورگی بچێتە خوارەوە دەبێت بکری بە قوزەڵقوردی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.